# ((ئەرەستۆ ،٣٢٢-٣٨٤ پ.ز))
# گەورەترین بیرمەندی جیهان

محسن حیدریان
وەرگێڕانی لەفارسییەوە :مستەفا مەعرووفی*



رۆژی دووی ئۆکتوبەر بەرامبەرە لەگەڵ مردنی ئەرەستۆ، کەبەهۆی نەخۆشیی لەتەمەنی ٦٢ساڵیدا کۆچیدوایکرد، بەڵام ژیانو ئەندێشەی ئەو، کەئێستاش کاریگەرییان لەسەر دنیای ئەدەبو ئەندێشە هەیە، جێگەی باسی زانایانو لێکۆڵەرەوانە. زۆربەی ناوەندە گرنگە ئاکادیمیو هزرییەکانی دنیای ئەمڕۆ، کەمو زۆر لەسەر ئەو رایە هاودەنگن، کەلەنێو هەڵبژاردەو بیرمەندانی گەورەی مێژوودا پێنج کەس جێگەیەکی تایبەتیان لەداڕشتنی ئەندێشەو مەعریفەی ئێستای جیهاندا هەیە. ئەرەستۆ وەك باوکی زانستی لۆژیك، ئەستێرەناس، شیعر، ئەدەب، سیاسەتو زیندەورزانی لەسەرووی هەمووانەوەیە. چوار زاناو بیرمەندی دیکەی بەتەرتیب بریتین لە: ئەفلاتوون، کانت، نیچەو ڤیتگشتاین.

باوکی ئەرەستۆ پزیشکبوو پەروەردە بوونی ئەرەستۆ لەبنەماڵەیەکی پزیشکیدا، زەینو کەسایەتیی ئەرەستۆی داڕشت، هەربۆیە ئەرەستۆ جگە لەمەسەلە فەلسەفیەکان خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لەئۆرگانیزمی گیانلەبەران، بایەلۆجیو سروشت، کەوابوو دەکرێ ئەرەستۆ نەك هەر وەك دوایین فەیلەسووفی گەورەی سەردەمی کۆن، بەڵکو وەك یەکەم زیندەوەرزانی جیهانیش ناوبەرین. ئەگەر ئەفلاتوون تەنیا عەقڵی خۆی لەکاری فکریدا بەکار دەهێنا، ئەرەستۆ جگە لەئەقڵ، هەستو ئەزموونی خۆشی بەکار دهێنا، بۆیە ئەرەستۆ رۆڵێکی گرنگی لەدروستکردنی چەمكو زاراوەی نوێی زانستی بیناسازی سیستەمێکی زانستی دیاریکرد. ئەرەستۆ لەهەموو زانستەکانی سەردەمی خۆیدا لێهاتوو بوو، بۆیە توانی هەموو زانستو زانیارییەکانی بەرلەخۆی کۆبکاتەوەو موتالاو پۆلێنبەندییان بکات. ئەم کارەی ئەرەستۆ، توانی یارمەتیەکی باش بەخۆی وەك فەیلەسووفێك، لۆژیکزان، زانای سروشتو کۆمەڵایەتی بکات، هەروەها توانی یارمەتیەکی گەورەش بەگەشەکردنی زانستی مرۆڤایەتیو سیستماتیزەکردنی بکات، جگە لەمانەش ئەرەستۆ نوسەرێکی لێهاتوو بوو، کە نەك هەر لەبارەی مەسەلە دژوارە فەلسەفیەکاندا، بەڵکو لەبارەی ژیانی رۆژانە و مەسەلە ئاساییەکانی خەڵکیشدا، لەتوانجو کۆمیدیەوە بگرە تا مەسەلەی ژنو مێردایەتیو سێکسی نوسی. جگە لەمە ئەرستۆ، شاعیر، شانۆنامەنوسو تراژیدی نوسیش بوو. ئەرەستۆ لەبارەی تراژیدیاوە دەینوسی" تراژیدیا قۆناغێك لەژیانو چارەنووسی هەر مرۆڤێکە" لەروانگەی ئەرەستۆوە، مەرجەکانی پێکەوەنانی سەرکەوتوانەی ژیانی هاوبەش ئەوەیە، کە(پیاو ٢٤و ژن ١٨) ساڵە بێ. ئەرەستۆ نزیکەی ٢٠ساڵ بوو یەکێك بوو لەقوتابیانی ئەفلاتوون، لەئاکادیمیادا بوو، مامۆستاکەی ئەوی وەك" بەهۆشترینو زیرەکترین خوێندکاری ئاکادیمیا" ناو دەبرد، ئەرەستۆ خەڵکی ئەسینا نەبوو، بەڵکو لەمەکدۆنیاوە هاتبوو و کاتێك لەئاکادیمیادا دەستی بەخوێندن کرد، (١٧)ساڵەبوو و مامۆستاکەی (٦١)ساڵ بوو، ئەرەستۆ لەگەڵ ئەوەشدا کەکەمتەمەنترین کەسی ئەکادیمیا بوو، بەخێرایی گەشەیکردو لێهاتویەکی زۆری لەخۆی نیشانداو، زۆر زوو بوو بەیەکێك لە کەسایەتیە بەرچاوەکانی ئاکادیمیا، بەڵام یەکێك لەنەریتەکانی ئەکادیمیا ئەوە بوو کە، تەنیا کەسێك دەیتوانی ببێتە سەرۆکی ئاکادیمیا کەخەڵکی ئەسینا بێ، بۆیە پاش مردنی ئەفلاتون لەگەڵ ئەوەدا کەتواناو لێهاتوی ئەرەستۆ بۆجێی نەبوو ، ئەوپلەیەی پێنەدراو بە ناڕەزایی ئەکادیمیاو شاری ئەسینای بەجێهێشت .

ئەرەستۆ بۆماوەی چەند ساڵێکیش مامۆستای ئەسکەندەری گەورە، پاشای بەناوبانگی مەکدۆنیابوو .

ئەفلاتون مامۆستای ئەرەستۆ، هەموو ئەوشتانەی کەلەسروشتداهەبوون، بەزادەی بیری مرۆڤی دەزانین .

لەسەرئەوباوەڕە بوو، کە شتێکی نەگۆڕوو تاهەتایی کە" باوەڕی کامڵ"ی پێدەگوت، لەسەروی جیهانی هەستپێکراودا هەیەو ئەوەی ئێمە لەسروشتدا دەیبینین لەڕاستی عەینی بێبەریەو تەنیا ڕنگدانەوەیەك و بەشێکی زۆر کەم لەو"باوەڕە کامڵ" ەیە، بەڵام ئەرەستۆ ئەوبۆچونەی ئەفلاتونی خستە بەردەم رەخنەو پرسیارێکی جیدی لەسەر دانا، بەهۆی زاڵبون بەسەر زانستی سروشتیدا، گەیشت بەوئاکامە کەبەپێچەوانەی بۆچونی ئەفلاتون، ئەوەی ئێمەدەیبینین، بۆخۆی رەنگدانەوەی راستیە دەرەکیەکانە .

بەواتایەکی دیکە دنیای راستی، هەرئەم دنیا دەرەکییەو شتێك بەناوی "باوەڕی کامڵ" یش دروست کراوی بیری مرۆڤە. ئەم بۆچوونەی ئەرەستۆ تەنیا لەئەندێشەی ئەفلاتون نەبوو. ئەرەستۆ پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کەئەو شتانەی لەرۆحی مرۆڤدا هەن، دەتوانن لەئاگایی، واتە لەمەخزەنی چاوو گوێی مرۆڤدا هەبن.

ڕێکوپێکی، کاری زۆرو زانایی سروشتیی ئەرەستۆ وایکرد، کەلەچەندین بواری دیکەشدا، دەست بۆ داهێنانی گرنگی فکری بەرێ. ئەرەستۆ یەکەم زانا بوو کەپۆلینبەندیی زانستەکانی دەستپێکردو بە بەڵگە سەلماندی کەگیانلەبەران، ڕووەکەکان و مرۆڤەکان، هەرکامیان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی هەرکەمیان دەبێ لەپێشدا زانیاریەکانی پێوەندیدار بەهەر کەمیان بەجیا پۆلین بکرێن.




ئەرەستۆ توانی بە بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە، ڕەوتی بیرو زانست هەنگاوێکی گەورە بباتە پێش. ئەرەستۆ یەکەم کەس بوو کەشێوەیەکی ڕێکوپێکی بۆ وەدەستهێنانی زانست و ناسین هێنایە گۆڕێ. بەبۆچوونی ئەرەستۆ، بەدەستهێنانی زانست و ناسین، لەسێ قۆناغی جیا جیا پێکهاتوە:

هەنگاوی یەکەم کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەو بابەتە، لێدەکۆڵرێتەوە، هەنگاوی دووهەم ڕێکوپێککردن و پۆلێکردنی زانیاریەکانی بابەتەکەیە، هەنگاوی سێهەم سەریەك خستنەوەو ئاکام وەرگرتن لەزانیارییە پۆلینبەندیکراوەکانە. ئەرەستۆ بەهۆی لێهاتوویەکی تایبەتی لەپۆلێنکردنی زانیاریەکانیدا، بنیاتنەری لۆژیك، وەك زانستیشە.

ئەرەستۆ بەپۆلێنبەندیکردنی چەمك و مەسەلە جۆراوجۆرەکان و یاسای زاڵ بەسەر هەرکامیاندا بوو، بەبناغەدانەری زانستی لۆژیك و چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەتێك پێکهێنا، بۆ نموونە ئەو دەیگوت: ئەگەر لەو پێناسەیە ڕاست دەست پێ بکەین، کەهەر بوونەوەرێکی زیندوو دەمرێ، پاشان پێناسەیەکی دیکە بێنین، کەهێرمس (ناوی سەگێکە) گیانلەبەرێکە، ئەو کات دەتوانین بەئاکامێکی سەرنجراکێش بگەین، کەهێرمس دەمرێ. لەڕاستیدا ئەرەستۆ پەیوەندی دوو چەمکی " بوونەوەری زیندوو" و "مردن" بەیارمەتی زانستی لۆژیك ناسی.

ئەرەستۆ زانستە جۆراوجۆرەکانی بەسەر سێ جۆردا دابەشکرد: زانستە تیۆریەکان، وەك فیزیاو کیمیا، کە مرۆڤ ناتوانێ کار بکاتە سەر یاساکانیان، بەڵام دەتوانێ بیانناسێ، بۆ نموونە وەڵامی دووکەڕەت دوو، چوارە، کە مرۆڤ ناتوانێ بیگۆڕێ. جۆری دووهەم زانستە کارەکییەکان، وەك سیاسەت، هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و ئۆرگانە کۆمەڵایەتیەکان. ئەم جۆرە زانستە عەمەلیانەی وەك سیاسەت، لەلان مرۆڤ و عەقڵ و هەڵسوکەوتیەوە، کاریان تێدەکرێ وەدەکرێ بگۆڕێن، کەوابوو سیاسەت لە ڕوانگەی ئەرەستۆوە، بابەتێکی عەمەلی و پراگماتیستیەو چوارچێوەیەکی سەربەخۆی لەچاو تیۆری دارشتنی سیاسی هەیەو سەرکەوتن لەسیاسەتدا بەستراوەتەوە بەتایبەتمەندییەکی کەسایەتی و ڕۆحی دیاریکراو، کەنابسینی دەرفەتەکان، بڕیاری بەوەخت و کەڵکوەرگرتن لەدەرفەتەکان یەکێکن لەمەرجەکانی.

لە (١٧٠) نووسراوی ئەرەستۆ تەنیا (٤٧)دانەیان ماون،



کە وادیارە زۆربەیان یاداشت و گەڵاڵەی قسەکان و بابەتی دەرسگوتنەوە بە قوتابیان. باقیی بەرهەمەکانی دی بەتێپەڕینی کات لەنێو چوون. دەبێ ئەوەش بزانین لەسەردەمی ئانتیکدا، فەلسەفە کارێکی سەرزارەکی بوو، نوسین و بڵاوکردنەوەی کتێبی فەلسەفی و زانستی باو نەبوو.

ئەرەستۆ لەکاریگەرترین فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوایە، ئەندێشەو ئاموژگارییە فەلسەفی، پزیشکی، ئەستێرەناسی و لۆژیکییەکانی لەسەرانسەری سەدەکانی نێوەراستدا، وەك

ئایەتە پیرۆزەکان، جێگەی ڕێزو حورمەتی کۆڕو کۆمەڵە زانستیەکانی ئەوروپا بوو، پاش مەرگی دڵتەزێنی سوکرات، کە شەپۆلێك ڕەخنە و نارەزایەتیی بەدواوە بوو، ئەرەستۆ ترسی ئەوەی هەبوو گیانی تێدا بچێ، ماوەیەکی کورت دوای ئەمە، کۆچی دوایکرد.

دەبێ بڵێین ئەو پرسیارانەی ئەرەستۆیان لەهەوڵو تەقەلا خست، ئەگەر چی لەماوەی سەدەکانی رابردوودا لەگەڵ وەڵامی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بوون، بەڵام هەروا بە بێ وەڵام ماونەتەوە. لێکدانەوە لەسەر مرۆڤ، ژن، حکومەتو پێوەندیەکەی بەهاوڵاتیانەوە، پێوەندی دەسەڵاتو ئەخلاقو هەقانیەتی سیاسی، ئەمانە لەگرنگترین پرسیارە فەلسەفیەکان لە (٢٥)سەدەی رابردودا، ئەرەستۆ لە بەرهەمەکانی خۆیدا، هەموو ئەوانەی بەوردی خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ئەرەستۆ لەبارەی بەختەوەریی مرۆڤدا، بەوردیو بەقووڵی بیریکردەوەو هەموو هەوڵەکانی مرۆڤی بۆ گەیشتن بەبەختەوەریو ئاسودەیی زیاتر، خستەبەر لێکۆڵینەوەی جدییەوە. ئەرەستۆ پاش ئەو بیرکردنەوانە بەو باوەڕە گەیشت کەمرۆڤ لەژیانیدا چوار ستراتیژ هەڵدەبژێرێو هەر، ستراتیژیەك دەربڕی نرخو ئامانجێکی دیاریکراوە، بەڵام هەموو ئەو هەڵبژاردنانە، نابنە هۆی بەختەوەریو ئاسودەیی مرۆڤ.

ستراتیژیی یەکەم چێژ وەرگرتنە. مەبەستی ئەو مرۆڤانەی ئەم ستراتیژییە هەڵ دەبژێرن چێژ وەرگرتن لەژیانو بایەخنەدان بە لایەنەکانی دیکەی ڕۆحی و هزریو کۆمەڵایەتیە. لەروانگەی ئەرەستۆوە چێژوەرگرتن، وەك ئامانجی ژیان، نەك هەر مرۆڤ بەختەوەرو ئاسوودە ناکات، بەڵکو لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی بێمانابوونو بێنێوەڕۆك بوونی ئامانجی ژیان لەلای مرۆڤی چێژ وەرگرەوە، چونکە مرۆڤی چێژوەرگر ئەوەندە لەخواستنی چێژدا، نوقمدەبێ، کەئیدی سنورێکی روونی بۆ چێژ وەرگرتن نابێو لە نیهایەتدا نەتەوێو بتەوێ، توشی پووچیو پەرێشانی دەبێ.

ستراتێژیی دووهەمی مرۆڤ بۆ کامەرانیو بەختەوەری، کە جێگەی پەسندی زۆر کەسە، پارەپەرستیو کۆکردنەوەی ماڵو داراییە. دیارە ئەرەستۆ باسی ئەوە دەکات، کەهەبوونی ماڵ بەرادەی دابینکردنی پێویستیەکانو بەرادەی پێویست بۆ مرۆڤ پێویستە،




بەڵام زێدەڕۆیی لەماڵکۆکردنەوەو گەڕان بە دوای بەختەوەری لەدەسبەسەرداگرتنی ماڵو داراییدا، ئاکامێکی نابێ، بۆ نموونە ئەرەستۆ دەڵێ: دیارە هەبوونی چەند جووت پێڵاو باشترە لەجووتێك، بەڵام ئەوەی کەمرۆڤ خاوەنی سەد جووت پێڵاوبێ، ئیدی ئەو رادەیە لەخاوەندارەتی، نەك هەر بۆ ئەو چێژێکی نامێنێ، بەڵکو بەتەواوەتی پووچو بێ مانا دەبێ، کەوابوو لەروانگەی ئەرەستۆوە گەڕان بەدوای بەختەوەریدا، لەرێگەی هەوڵدان بۆ دەوڵەمەند بوون، کارێکی لەخۆڕاییو بێمانایە، چونکە ئەم هەوڵە هیچ پەیوەندیەکی بەبەختەوەریی مرۆڤەوە نییەو تەنیا تەماعو چاوچنۆکی پەرەپێدەدا و ناتوانێ مرۆڤ ئاسودەو ئارام و بەختەوەر بکات.

سێهەمین ستراتیژ، هەوڵدان لەرێگەی بردنە سەری ئاستی زانایی و تێگەیشتن و زانیاریی زیاترە.

ئەرەستۆ لەسەر ئەو باوەڕیە، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن بیرەو خاوەنی زەینێکی زیتو وریایە، کەوابوو لەرێگەی بەدەستهێنانی مەعریفەو زانستی زیاتر و بردنەسەری رادەی زانست لە خۆیدا لەگەڵ سروشتی باشی مرۆڤ یەك دەگرێتەوەو ئەو ستراتیژییە دەتوانێ ببێتە هۆی بەختەوەریی مرۆڤ و بەگشتی ئەمە هەوڵێکی زۆر شیاو و گرنگە، کەوابوو جموجووڵی تیۆری لەروانگەی ئەرەستۆوە،

ڕێگەیەکی باشە بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەری و مانابەخشین بەژیانی مرۆڤ.

چوارەمین ستراتیژ، گەڕان بەدوای بەختەوەریدا لەروانگەی ئەرەستۆوە، بریتیە لەتێکۆشانی سیاسی و کۆمەلآیەتی و بەگشتی هەوڵی مەعنەویی ئەرەستۆ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کەئەم ڕێگەیە باشترین و بەرزترین نرخ و بایەخی ژیانی مرۆڤەو کۆمەڵگەیەك کەژمارەی مرۆڤی هەڵسوڕی سیاسی و مەعنەویی زیاتر بێ، هەر بەو رادەیەش بەختەوەرو کامەرانە ئەرەستۆ، تێکۆشانی سیاسی بە چاکەیەکی گەورە دەزانی و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کەسێ ستراتیژییەکەی دیکە، بایەخێکی زۆر کەمتریان لەم ستراتێژییە هەیە، چونکە مرۆڤ وەك" بوونەوەرێکی سیاسی" لەرێگەی تێکۆشانی سیاسییەوە، بەسەر زۆر لە لایەنە خراپ و نیازە پەستە دەروونیەکانیدا زاڵ دەبێ و بەدرێژەدان بە تێکۆشانی سیاسی و ممارسەی بەردەوامی ژیانی هاولآتیبوونی چالاك، دەبێتە مرۆڤێکی گەشەکردوترو سەر راستتر. کەوابوو تێکۆشانی سیاسی، چاکەیەکی گەورەیەو دەبێتە هۆی بەختەوەریی مرۆڤ، هەروەها دەبێتە هۆی لێهاتوویی مرۆڤ لەچارەسەری مەسەلەکان و زاڵبوون بەسەر کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا.

" سیاسەت" لەروانگەی ئەرەستۆوە

ئەرستۆ بۆ نوسینی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی "سیاسەت" خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی رێکوپێك و سیستەماتێك لەسەر باروذۆخ چارەنووسی (١٥٨) دەوڵەتی پێش خۆی بوو. ئەو لەو کتێبەدا بەپێی ئەزموونە گرنگەکانی مێژووی سیاسەت، ئەندێشە سیاسیەکانی خۆی هێنایە گۆڕ، خاڵی کەوتنە رێی ئەرەستۆ لەو مەیدانەدا ئەوەیە، کەمرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەلآیەتیە، بۆیە ئەو کەسەی لەدەرەوەی کۆمەڵدا دەژی، خاوەنی تایبەتمەندیی کۆمەلآیەتی کەمترە. ئینجا دەڵێ، پێویستیەکانی مرۆڤێکی زیندوو بەتەواوی لەگەڵ جیاوازەو تەنیا خواردن، جلوبەرگ، خانوو پێویستیەکانی دیکەی ژیان بۆ وی بەس نییە. بەرزترین لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لەو بوارانەدایە کەپێوەندیان بەحکومەت و سیاسەتەوە هەیە. لەروانگەی ئەرەستۆوە، باشترین چاکەو بەختەوەریش، هەبوونی کاتی بێکاری و تەرخانکردنی ئەو کاتە بۆ ژیانی سیاسی و تێکۆشانی فکری و سیاسیە. ئەرەستۆ باسی سێ جۆر حکومەتی باش دەکات:

١- حکومەتی پاشایی، کەلەلایەن کەسێکەوە بەرێوە دەچێ، بەمەرجێك کەنەبێتە حکومەتێکی زاڵم و سەرەڕۆ

٢- حکومەتی ئەریستۆکراتی بەواتای حکومەتی گەورەکان، یان حکومەتی کەسانی باش و حکومەتی یاسا. ئەرەستۆ لەنێوان حکومەتی "چاك سالاری" و هەڵبژاردە، کە بۆ خۆی مەبەستیەتی لەگەڵ ئۆلیگاریشی جیاوازیی بنەرەتی دادەنێ، چونکە هەڵبژاردنی ئەریستۆکراسی لەسەر بناغەی چاکە دەزانێ، کەهەر لەو کاتەدا پاساوی ئەخلاقییشی لەگەڵە. ئەو هێندێك پێوانەش بۆ ناسینی شیاوترین کەسان بۆ حکومەت دادەنێ.

٣- سێهەمین حکومەتی دڵخوازی ئەرەستۆ، حکومەتی پۆلیتی، واتە دیموکراسییە، بەلآم ئەو حکومەتە لەوانەیە ببێتە حکومەتێکی زۆردار.

ئامۆژگاریەکانی گرنگی ئەرەستۆ لەکتێبەکەیدا کەبەرهەمی قووڵبوونەوەو تێفکرینی وی لە مێژووی سیاسەتدایە، ئەم لێکدانەوە گرنگەیە کە" ئەگەر شتێك لەرابردوودا نەبووە، لە داهاتووشدا ئیمکانی نییە هەبێ" ئەرەستۆ بۆ نموونە توانای پێکهێنانی دەوڵەتێکی "اشتراکی" لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەنامومکین زانی و پێیوابوو، لەگەڵ سرووشت و بوونی مرۆڤ لە ناتەباییدایە. ئەرەستۆ لەکتێبی" سیاسەت"دا بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە" سیاسەت زانستێکی عەمەلیەو دەبێ لەسەر بناغەی پراگماتیزم بێ" ئەو مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە، کەدەبێ بیری سیاسی خۆی لەبەر زەفری و قسەی نامومکین بپارێزی و لەسنوری توانا دەرنەچێ.

ئەو پەیوەندیی نێوان بیرو کردەوە بەگرنگ دەزانێ و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەیەکەم پرسیار لە پێوەندی لەگەڵ هەر تیۆریەکی سیاسیدا، دەبێ بێتە گۆڕێ ئەوەیە کە" ئایا وەدیهاتنی بە کردەوەی ئەو بیرە ئیمکای هەیە، یان نا؟ ئایا ئەم کارە پێشتر کراوە، یان نا؟ یان ئەگەر هەوڵی بۆ دراوە، سەرکەوتوو بووە یان نا؟" ئەرەستۆ دەڵێ، بەبێ وەلآمدانەوە، بەو پرسیارانە، ناتوانێ ڕێگە بۆ داهاتوو دیاری بکەی. کەوابوو ئەرەستۆ سیاسەت بەمەیدانیکردەوە دەزانێ، کەلەلایەك بەپارێزەوە بۆ شتەکان بچێ و لەلایەکی دیکەش بوونی ئەزموون و لێهاتوویی بۆ سەرکەوتن زۆر گرنگە.

ئەرستۆ بەپێی لێکۆڵینەوە وردو رێکوپێکی سیستەمە سیاسیە جۆراو جۆرەکانی جیهان چەند ئەسڵی گرنگی

هێنانه گۆڕ، وەك ئاكامێكی كۆتایی، كەبۆ هەر سیستەمێكی سیاسی لەهەر كاتو شوێنێكدا دەبێ.

ئەو لەپێشدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، كەمۆتالای ژیانو چارەنووسی دەوڵەتەكانو دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەكان، ئەوە دەسەلمێنن كەهەمیشە چەند كەس باشتر لەكەسێك بیر دەكەنەوەو دەستەیەكی گەورەتر، توانای زیاتریان لەهەڵوێست گرتنێكی ئاقڵانەتردا هەیە، تادەستەیەكی بچووكتر"

بابەتێكی گرنگی دیكە، كەلەلێكۆڵینەوە لەدەوڵەتە سیاسییەكانی جیهاندا، سەرنجی ئەرستۆ بۆ لای خۆی رادەكێشێ، هۆیەكانی سەركەوتنی زۆرداران و چۆنیەتی هەڵسوكەوتی وان بۆ پتەوكردنی جێ پێی خۆیانە .

ئەرەستۆ پاش لێكدانەوەی هەڵسوكەوتی دەسەلاتدارە جۆراوجۆرەكان لەهەلومەرجو ولاتی جۆراو جۆردا بەئاكامێكی گرنگ دەگات، كەزۆر سەیرو سەرسورهێنەر لەئاكامەكانی لێكۆڵینەوەی ماكیاڤلی نزیكە، كەچەند سەدە دوای ئەو هەولیدا وەلامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

ئەرستۆ لەكتێبی سیاسەتدا دەنوسێ " ئەگەر من دیكتاتۆر بوایەم، یان دیكتاتۆرێك لەبارەی سەپاندنی دەسەلاتی خۆیدا راوێژی لەگەڵ كردبام، ئەم شتانەم پێدەسپارد:-" تادەتوانێ كۆمەڵگەی مەدەنی وێران بكەو لەنێوی بەرە، ناوەندە پەروەردەییەكانی زانایانو بیرمەندانی كۆمەڵ ئازاد نەبنو تادەتوانێ لەنێویان بەرە.



ئەگەر دەتەوێ دەسەلاتی زاڵمانەی خۆت بپارێزی، هەمیشە خەلك لەژێر مەترسیەكانی دەرەوەدا رابگرە هەرەشە بەشەر، خەڵكی دەخاتە ژێر مەترسی دەسەلاتی دیكتاتۆرەوە هەوڵ بدە كەخەلك بەردەوام مەترسی شەڕو ترسی دەسەلاتی بێگانە لەترسو دڵەراوكێدا بن، بەلام كارێكی گرنگی دیكە ئەوەیە، كەتا دەتوانی متمانە لەنێو خەڵكیدا لاواز بكەهەولبدە خەلك متمانەیان بەهیچ كەس نەبێ، متمانەی لەنێو خەڵكدا لەنێو بەری.

كارێكی گرنگی دیكە ئەوەیە، كەخەلك نامتمانەییو دووڕوویی بەچاكە بزانن، هەولبدە كەخەلك لەجێی راستگۆییو یەكرەنگی روو بكەنە روالەتو دووڕوویی، ئەوە گرنگ نییە لەنێو خۆیاندا بەدیندارو لەخواترس نیشان بدەن".

**پێخەمبەری چینی نێونەجی**

لەلایەكی دیكەوە ئەرەستۆ گەورەترین پارێزەری میانەڕۆیی لەبیری سیاسیو میتۆدە سیاسیەكان دایە، ئەو بەپێچەوانەی مامۆستاكەی ئەفلاتون، كەلایەنگری هەڵبژاردەكانە ، پێ لەسەر میانەرەویو جۆراوجۆری و چەند چەشنەی حكومەت دادەگرێو بەردەوام جەختی لەسەر دەكرد حكومەتێكی ئایدیال دەكرد كە حكومەتێكە خاوەنی جۆراو جۆری چەند چەشنەیی بێ.

ئەرستۆ پێ لەسەر گرنگی خاوەندارەتی تایبەتیو بەهێزكردنو رێز لێگرتن لەكۆمەڵدا دەگرێ.

بەڵگەشی بۆ ئەم مەسەلەیە، هەم لەسەر بنەمای مرۆڤناسی و هەم كۆمەڵناسیە، ئەرەستۆ دەڵێ" بۆ هەر مرۆڤێك هەمیشە دوو شت گرنگ بووەو گرنگیەكی تایبەتیان هەیە، یەكەم ئەوەی كەبلێ ئەمە هی منەو دووهەم، ئەوە كەمن ئەمەم پێخۆشە"

دەلێ" ئەگەر دەتەوێ مرۆڤ لەنێوبەری، دەبێ ئەم دوو هەستەیە سەرەكیەی تێدا بكوژێ، چونكە هەستی خاوەندارەتی هێزی هاندەر بۆ گەشەكردنو هەڵدانی مرۆڤە، گرنگی دارایی تایبەتی كەلە دەروونی سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر لەم لایەنە سروشتیەی مرۆڤەوەیە.

هەروەها ئەرستۆ دژی زیادەرەوی لەهەبوونو نەبووندایە، بەواتایەكی دیكە، ئەو مرۆڤی دەوڵەمەند بە مرۆڤێكی بێزراو دەزانێ، كەژیان كاتی بێكاری نییەو لەدەرووندا مرۆڤێكی ناكامو بێ بەختە.



هەروەها خەڵکی هەژار بەزەبوون و بێدەسەڵات دەزانێ، کەخاوەنی هێزی تێگەیشتن و داهێنان نین و لەهەژاری نارازیە، کەوابوو ئایدیاڵی ئەرستۆ، چینی نێونجیە، کەرۆڵێکی گرنگی لەژیانی سیاسی لەکۆمەڵدا لەئەستۆیە، هەروەها هۆکاری هاوسەنگی و هاوکێشی کۆمەڵایەتیە بوونی چینی نێوەنجی لەروانگەی ئەرستۆوە، بەهۆی جۆراو جۆرمەرجی گرنگ بۆ بۆ سەرکەوتن و هاوسەنگی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، چونکە چینی نێوەنجی بەهێز، نیشانەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و لاچوونی مەترسی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و کەمبونەوەی مەودای نێوان چینی‌دەوڵەمەندو هەژارە، باشیەکی گرنگی چینی نێوەنجی لەروانگەی ئەرستۆوە، بوونی کاتی بێکارییە، کەدەرفەتی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون و بەشداری چالاکانەتر لەژیانی سیاسی و فەرهەنگیا بۆ تاکی کۆمەڵ پێکدێنێ.

ئەرستۆ زۆر پێ لەسەر ئەو مەسەلەیە دادەگرێ، کەبەبێ بوونی چینی نێوەنجی گەورە کەخاوەنی سەنگێکی زۆری کۆمەڵایەتیە ناکرێ، سەقامگیری و ئاسایشێکی جیدی سیاسی بێتە ئاراوە، نێوەرۆکی ئەسڵی ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ، لەسەردەمی نۆیشدا لەلایەن زانایانی گەورەی وەک (جۆن ستوارت میل) وەک مەرجی سەرەکی سەقامگیری دیموکراسی پێی لەسەر داگیراوەتەوە، کەوابوو ماکی ئەسڵی ئەم تێزە، ئەوەیە کەلەنێوبردنی فشاری چینایەتی و بێعەدالەتیە ئاشکراکانی کۆمەڵایەتی، بەگشتی هەبوونی کاتی بێکاری لەروانگەی ئەرستۆوە، چاکەیەکەو بایەخێکی



گرنگە، ئەرەستۆ دەڵێ" هاوڵاتی کەسێکە بتوانێ هەم رێبەری بکاو هەم رێبەری بکرێ، هاوڵاتی کەسێکە خاوەنی کاتی بێکاری و هێزی بیرکردنەوە بێ.

سوربوونی ئەرستۆ لەسەر میانرەوی و خۆپاراستن لەزیادەرەوی و گرنگی چینی نێوەنجی لەبیرو بۆچوونیدا، بوەتە هۆی ئەوەی کەزۆر لەزانایان وەک پێخەمبەری چینی نێونجی ناوی بەرن.

### ئەرستۆ لەروانگەی ئەمرۆوە

زۆر لەبۆچوون و ئامۆژگارییەکانی ئەرستۆ پاش زیاتر لە(٢٠٠٠) ساڵ، ئێستاش گرنگی خۆیان هەیەو نوێن، تەنانەت هێندێک لەزانایانی ئەمرۆ، ئەو بەپێوانەی حەقیقەت دەزانن و لەسەر ئەو رایەن، کەهەر شتێک ئەرستۆ قبووڵی بووە، ئەوە راستەو هەر شتێک ئەو پێی نادروست بووە، هەڵەیە، ئەرستۆ یەکەم کەس بوو رایگەیاند" گۆی زەوی خرەو بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوەو ناوەندی تەواوی جیهانی خوڵقاوە".

(چارلز داروین) لەزانایانی گەورەی جیهان گوتی" زانایەکی گەورەی وەک (کارون فۆن لینە) لەبەرامبەر ئەرستۆدا لەمنداڵێکی قوتابخانەی سەرەتایی زیاتر نییە.

چوار ئامۆژگارییە بنەرەتییەکانی ئەرستۆ ئێستاش گرنگی خۆیان هەیەو ئەمرۆیین.

١ـ مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقلانیەو ئەو تایبەتمەندیە عەقلانیە بەمانایی ویستی ئازادییە.

بەپێی ئەو بۆچوونە، ئەرستۆ لەسەر ئەو باوەرەیە، کەمرۆڤ چارەنووسی ئەو، نەك دیلی بەردەستی جەبرو دیتێرمینیزمە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئیرادەو بەرپرسیاریەتی، کەوابوو چارەنووسی مرۆڤ لەپێشدا دیاری نەکراوە، پەیوەندی بەبەکارهێنانی عەقڵو کۆنترۆڵی مرۆڤ بەسەر هەڵسوکەوت و بریارەکانیەوە هەیە، هەرچەند جاری واشە روداو هەلومەرج، مرۆڤ دەکێشێتە جێگەیەك، کە پێشبینی ناکرێ.

ئەرستۆ هەروەها پێیوایە جگە لەکات و شوێن، هەلومەرجی دەرەکی کۆمەڵ لەدەروونی هەر مرۆڤێکدا هێندێك مەیل و نیازی جەبری هەن، کەبۆلای هەڵسوکەوتی جۆراو جۆری رادەکێشن.

بۆ وێنە لەدەروونی هەر مرۆڤێکدا، مەیلێکی بەهێزی دەروونی بۆ بەرەلایی و بێنەزمی هەیە، کە دەتوانێ بەرەو کاری مەترسیداری رابکێشێ، ئەرستۆ باسی رۆحێکی ناپاك و دزێو لەدەروونی هەر مرۆڤێکدا دەکات، کەشیکەرەوەی زۆر هەڵسوکەوتە، دزێوو ناحەزە مرۆڤایەتیەکانی، وەك ئازاردانی خەڵك و سادیسم و جینایەتیە.

ئەو نیازە ناپاکە دەروونییە، نەك هەر ژیانی مرۆڤ وێران دەکات، بەڵکو ئازادی خەڵکیش دەخاتە مەترسییەوە.

ئەرستۆ هەر لەو کاتەشدا باسی بوونی مەیلێکی پۆزەتیف و خوایی لەدەروونی هەر مرۆڤێکدا دەکات کەپێویستی بەهێزێکی بەئاگایی مارەسەو هەوڵی مرۆڤ هەیە.

ئەم بۆ چوونە لەبارەی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی وی، بەگشتی لەگەڵ لێکۆڵینەوەو ئەزموونی مۆدێرنی دەروونناسەو هەڵسوکەوتناسی یەکدەگرێتەوەو ئێستاش لەم سەردەمەدا هەر برەوی هەیە.

لێکۆڵینەوە نوێیەکانی دەروونناسیش دەریدەخەن، کەزۆر لەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤ، وەك مەیل بۆ ئەنجامی جینایەت، بەرلەوەی فێری بێ، بابەتێکی ژینەتیکییەو لەدەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ.

٢ . بۆچوونی ئەرستۆ لەبارەی سیاسەتەوە، وەك زانستێك لەسەر ئەو باوەرە دامەزراوە، کەسیاسەت بەگشتی بابەتێکی عەمەلییە، بۆیە ئەرستۆ سیاسەت بەمەیدانی کردەوەو پراکماتیزم دەزانێ و لەسەر ئەو باوەرەیە، سیاسەتمەداری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کەبتوانێ هەم بەشێوەی عەقلانی هەلو مەرجەکە شیبکاتەوەو هەم بتوانێ بەلێهاتوویی لەکاتی خۆیدا هەڵوێست بگرێ و کارو بارەکان چارەسەر بکاو رێگەی خۆی بۆ پێشەوە بکاتەوە، پێوانەیەکی گرنگی کاری سیاسی لەروانگەی ئەرستۆوە، سەرکەوتن لەوەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکاندایە.

بەواتایەکی دیکە ئەرستۆ یەکەم بیرمەندە، کەشانبەشانی بیرمەندانی قۆناغی مۆدێرنی لەسیاسەتدا جێگەی سەرنجە.

٣ . ئەرستۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە، کەهەرچەند کاتو شوێن کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەڵسوکەوت و ئەخلاقی مرۆڤ هەیە، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی باش، یان خراپ، جوان یان دزێو لەلای هەر مرۆڤێك، پێوانەی جیهانی هەن.

بۆیە ئەرستۆ باوەری بەچەمکی گشتی مرۆڤایەتی لەبارەی هەڵسوکەوت و ئەخلاقی مرۆڤایەتیدا هەیەو هەموو مرۆڤەکان بەبێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیە جۆراوجۆرەکان، دەبێ رێزو حورمەت بۆ پێوانە ئەخلاقیەکان، کەجێگەی پەسەندن و جیهانین، دابنێن و لەبەرچاویان بگرن.

٤. ئەرستۆ پاش لێکدانەوە، سیستماتێکی هەلومەرج و چارەنووسی(١٥٨) دەوڵەتی جیهان، بەو ئاکامە گەیشت، کەدەوڵەت ئۆرگانێگی سروشتیەو بوونی دەوڵەت بەبێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیەکان و هەڵوێستەکانی شتیکی پێویست و سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە.

تەوەرەی تێزی ئەرستۆ ئەوەیە: ئەگەر شتێك لەپانتایی سیاسەتی رابردودا نەبووە، لەداهاتوشدا ناتوانێ ببێت.

بۆیە دەبێ هەر رێگەو ویستێکی سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەسڵە، بێتە گۆرێ و پێوانەی جدیبوونی ئەوەیە، کەلەسنوری توانا دابێ.

ئەرستۆ چەندن سەدە لەمەوبەر بەپێی لێکۆڵینەوە لەسەر دەوڵەتان و زات و تایبەتمەندی مرۆڤ، بەدڵنیاییەوە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی "ئیشتراکی"لەسەر رووی زەوی، بەهیچ جۆرێك لەتواناندا نیە، چونکە حوکمەتی ئیشتراکی، تەنها خەون و خەیاڵێکە.

سەرچاوە: ماڵپاری (ایران مروز) لینکی کرنەشە

bezhn١٢@yahoo.com*